# هەموو منداڵانی خودا دەتوانن سەما بکەن

**هارۆکی مۆراکامی**
**لە ئینگلیزییەوە: هەڵۆ فەریق**

یۆشییا بە سەرێشەیەکی زۆر خراپەوە خەبەری بووەوە. بە ئەستەم توانی چاوێکی بکاتەوە؛ پێڵووی چەپی هیچ نەدەجووڵا. سەری هێندە ڕەق و قورس بوو، هەستی دەکرد شەو پڕ بووە لە ددانی کلۆر. شلەیەکی بۆگەنی لینج لە شەویلگەیەوە دەهاتە دەرەوە، وەک ئەوەی لە ناوەوە لە مێشکی خواردبێت و لەگەڵ خۆیدا هێنابێتییە دەرەوە. گەر پشتگوێی بخستایە، ئەوا بێ مێشک دەمایەوە، ئەوەش شتێکی خراپ نەبوو. تەنیا شت، کە پێویستی پێی بوو: کەمێک خەوی دیکە بوو. بەڵام دەیزانی ئەوە ئەستەمە. هەستیکرد، لەوە ناشرینتر و قێزەونترە بخەوێتەوە.
لای سەرینەکەوە بۆ کاتژمێرەکە گەڕا، بەڵام دیارنەمابوو. بۆ لەوێ نەمابوو؟ چاویلکەکەشی دیار نەبوو. ڕەنگە فڕێی دابێتنە شوێنێکەوە. پێشتر شتی لەوجۆرە ڕوویدابوو.
دەبوو هەستێت. توانی بەشی سەرەوەی جەستەی بەرزبکاتەوە، بەڵام ئەمە ئەوەندەی دیکە مێشکی شێواند بەسەر یەکدا، دەموچاویشی لە ناو سەرینەکەیدا نوقم بووەوە. ئۆتۆمبێلێکی بەرز بە کۆڵانەکەیانەدا هات، تەنافی تەلی جل وشککردنەوەی دەفرۆشت. کۆنەکەیان لێدەسەندیتەوە و دانەیەکی نوێیان دەدا پێت، بە بڵندگۆیەکە بەوجۆرە هاواریان دەکرد، نرخەکانیش، هەمان نرخی بیست ساڵ بەر لە ئێستە بوون. دەنگە ناخۆشە درێژەکە، هی پیاوێک بوو لە نیوەی تەمەنیدا. بەو دەنگە دڵی بەیەکدا هات، بەڵام نەیتوانی بڕشێتەوە.
بە پێی قسەکانی هاوڕێیەکی، باشترین چارەسەر بۆ سەرێشەیەکی ئاوا خراپ، ئەوەیە سەیری بەرنامەیەکی چەنەبازیی بەیانیان بکەیت. دەنگە بەرز، ناخۆش و قێزەونەکەی پێشکەشکارەکە، هەموو ئەو شتانەی ناوزگت دەهێنێتە دەرەوە، کە شەوی پێشتر خواردووتن

و خواردووتنەتەوە.
بەڵام یۆشییا هێزی نەبوو خۆی تا لای تەلەفیزیۆنەکە ڕابکێشێت. تەنیا هەناسەدانی توند، خراپ نەبوو بۆی. بەردەوام لە بەرچاویدا چەند ڕایەڵێکی ڕووناکی ڕوونی پچڕپچڕی تێکەڵ بە دووکەڵێکی سپی دەخولانەوە، ئەمەش دیمەنێکی تەخت و سەیری زەوی نیشاندەدا. هەستی مردن بەم جۆرەیە؟ باشە. بەڵام یەکجار بەس بوو. خودایە گیان، جارێکی دیکە وام لێمەکەوە.
«خودا» وایلێکرد بیر لە دایکی بکاتەوە. دەستیکرد بە بانگکردنی دایکی بۆ پەرداخێک ئاو، بەڵام بەیادی هاتەوە، کە بەتەنیا لەماڵەوەیە. دایکی و ئیماندارەکانی دیکە، سێ ڕۆژ پێشتر چووبوون بۆ کانسای.[1] جیهان هەموو جۆرە خەڵکێکی تێدایە: دایکی ئەم کوڕە لەشقورسە، کە سەری خەریک بوو لە تاو ئازاردا دەتەقی، خزمەتکارێکی خۆبەخشی خودا بوو. نەیدەتوانی هەستێت. هێشتا نەیدەتوانی چاوی چەپی بکاتەوە. بۆخاتری دۆزەخ، دەبێت لەگەڵ کێ بووبێت وا هێندە زۆری لەگەڵ خواردووەتەوە؟ بەهیچ جۆرێک لەیادی نەمابوو. هەر هەوڵدان بۆ بەیادهێنانەوەی، مێشکی وەک بەرد ڕەق دەکرد. دەی کێشە نییە لە ئێستادا: دواتر بیری لێدەکاتەوە. پێنەدەچوو هێشتا نیوەڕۆبێت. بەڵام بەو شتە تێپەڕانەدابێت، کە لەودیوو پەردەکەوە دەیبینین، یۆشییا هەستی دەکرد یازدە لایدابێت. بۆ بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیای بڵاوکردنەوەیەی کاری بۆ دەکرد، هەندێک دواکەوتن بۆ ئەندامە لاوەکانی ستافەکەی، کێشەیەکی وانەبوو. هەمیشە بە کارکردن تا درەنگ، قەرەبووی ئەو شتانەی دەکردەوە. بەڵام چوون بۆ کۆمپانیا لە دوای نیوەڕۆدا، چەند قسەیەکی ڕەقی بەڕێوەبەرەکەی لێدەکەوتەوە. دەیتوانی هەموو ئەمانە پشتگوێ بخات، بەڵام نەیدەویست هیچ کێشەیەک بۆ ئەو ئیماندارانە دروست بکات، کە ئەم کارەیان بۆ پێشنیاز کردبوو. کە لە ماڵ چووە دەرەوە، کاتژمێر یەک بووبوو. هەر ڕۆژێکی دیکە بووایە، بەهانەیەکی دەدۆزیەوە و لە ماڵەوە دەمایەوە. بەڵام دۆکیومێنتێک لەسەر مێزەکەی بوو، دەبوو ڕێکی بخات و هەر ئەمڕۆش پرێنتی بکات، کارێکیش نەبوو بە کەسێکی دیکە بکرێت.

لە باڵاخانەکە چووە دەرەوە، ئەو باڵاخانەیەی لە ئاساگایا[٢] لەگەڵ دایکی بەکرێی گرتبوو. بە میترۆی بەرزایی چوۆ[٣] دا چوو بۆ یۆتسویا،[٤] دەچوو بۆ هێڵی ژێر زەوی مارونۆوچی،[٥] بە درێژایی کاسومیگاسێکی[٦] لەوەدا مایەوە، جارێکی دیکە میترۆکەی گۆڕی، ئەمجارە هێڵی ژێر زەوی هیبیا،[٧] لە کانییا چۆ[٨] دابەزی. نزیکترین وێستگە بوو لە کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی ڕێبەری گەشتیاری بیانیی، کە ئەم کاری لێدەکرد. بە قاچە لەرزۆکەکانیەوە بە پلیکانە زۆرەکاندا سەردەکەوت و دادەبەزی.
کاتێک کاتژمێر نزیکی دەی شەو بە هێڵی ژێرزەمینی کاسومیگاسێکیدا دەگەڕایەوە، ئەو پیاوەی بینی، کە نەرمایی گوێی نەمابوو. قژی نیوە ماشوبرنجی بوو، پێدەچوو لە نیوەی پەنجاکانی تەمەنیدا بێت: باڵابەرز، بێ چاویلکە، چاکەتێکی مۆدیل کۆنی قوماشی خەتخەتی لەبەردابوو، بریفکەیسێک بە دەستی ڕاستی. بە هەنگاوی خاو دەڕۆیشت، وەک کەسێک لە بیرکردنەوەیەکی قووڵدا بێت، لە هێڵی هیبیاوە بەرەو هێڵی چوۆ دەڕۆیشت. یۆشییا بێ بیرکردنەوە، شوێنی کەوت. لەوکاتەدابوو هەستی کرد قورگی وەک پێستێکی کۆن وشک بووە.

دایکی یۆشییا چلوسێ ساڵ بوو، بەڵام لە سیوپێنج ساڵ زیاتر دەرنەدەکەوت. ڕووخسارێکی پاک و کلاسیکیی هەبوو، جەستەیەکی زۆر جوان و ڕێک، کە بە پارێزێکی سادە، ڕاهێنانی قورسی بەیانیان و شەوان هێشتبوویەوە، پێستیشی تەڕ بوو. تەنیا هەژدە ساڵ لە یۆشییا گەورەتر بوو، هەمیشە وادەزانرا خوشکە گەورەیەتی.
هەرگیز هەستی دایکایەتی و هەبوونی منداڵی ئەزموون نەکرد. بە جۆرێک نەدەژیا، کە منداڵێکی هەیە، یاخود ڕەنگە خۆی ویستبێتی دایکێکی جیاوازبێت. تەنانەت دوای ئەوەی یۆشییا چووە خوێندنگەی ناوەندیی و دەستیکرد بە سەرنجدانی بابەتە سێکسییەکان، ئەو هێشتا بە جلی ژێرەوەی تەسک و کورت بە ماڵەکەدا دەسووڕایەوە ــ یاخود هەر هیچی لەبەر نەدەکرد. بێگومان، لە دوو ژووری نووستنی جودا دەنووستن، بەڵام هەر شەوێک هەستی بە تەنیایی

بکردایـە، بـە ڕووتـی خـۆی دەخزانـدە نـاو جێگەکـەی کوڕەکەیـەوە. وەک ئـەوەی سـەگێک، یاخـود پشـیلەیەک لـە ئامێـز بگرێـت، دەسـتێکی لـە یۆشـیياوە دەئالاند و دەخـەوت. دەیزانـی دایکـی هیـچ مەبەسـتێکی لـەوە نییـە، بـەڵام هێشـتا بەمـە پەسـت دەبـوو. دەبـوو خـۆی لـوول بـکات بـۆ شـێوەیەکی زۆر سـەیر، تـا ڕەقبوونـی زەکـەری لـە دایکـی بشـارێتەوە.

لەترسـی کەوتنـە نـاو پێوەندییەکـی کوشـندەوە لەگـەڵ دایکـی خۆیـدا، یۆشـییا بەدوای شـێوازێکدا گـەڕا تـا لەوکاتانـەدا ڕەق نەبێت. هـەرکات شـێوازێک سـەرینەدەگرت، دەسـتیدەکرد بـە دەسـتپەڕ کـردن. تەنانـەت کار تـا ئـەوەش ڕۆیشـت سـەردانی فرۆشـگە سێکسـییەکان بـکات و ئـەو پارەیـەی لـە کارە لاوەکییەکەیـدا دەسـتی دەکـەوت، لـەوێ خەرجی بـکات، لـە کاتێکـدا هێشـتا خوێنـدکاری دواناوەندیـی بـوو.

دەبـوو ماڵەکـەی دایکـی جێبهێڵێـت و بـە تەنیـا دەسـتبکات بـە ژیـان، یۆشـییا دەیزانـی لـە کاتـە هەسـتیارەکانی وەک چوونـە کۆلێـژ و کاتـی دەسـتکردن بـە کارێکـی نـوێ، گینگڵـی لەگـەڵ بـژاردەی جێهێشـتنی ماڵـەوەدا دەدا. بـەڵام ئەوەتـا بیسـتوپێنج سـاڵ بـوو، بـەڵام هێشـتا نەیتوانیبـوو لـە مـاڵ دووربکەوێتـەوە. هەسـتی دەکـرد یەکێـک لـە هۆکارەکانـی مانـەوە، ئـەوە بـوو، کـە نەیدەزانـی گـەر دایکـی بەجێبهێڵێت، بەبێ ئـەم چـی بەسـەر دێـت. بـە درێژایـی ئـەو سـاڵانە، یۆشـییا زۆربـەی کات و ژیانـی خـۆی دابـوو بـە دایکـی، بەوهیوایـەی واز لـەو شـێتبوون و خۆوێرانکردنـە لەنـاکاو و کێوییيانـە بهێنێـت، کـە بـەردەوام بەسـەریدا دێـت (ئەگەرچـی دڵیشـی بـاش بـوو).

هەروەهـا، ئـەوەش یەکلایـی بووبـووەوە، کـە دایکـی تووشـی تووڕەبوونێکـی زۆر هسـتریائاسـا دەبێـت، ئەگـەر لـە نـاکاو ئـەم باسـی جێهێشـتنی مـاڵ بـکات. دڵنیابـوو هەرگیـز بـە مێشـکی دایکیـدا نەهاتـووە، کـە دەشـێت ڕۆژێـک لـە ڕۆژان لـە کوڕەکـەی جیاببێتـەوە. زۆر بـە ڕوونـی ئـەو دڵشـکانە کاریگـەر و غەمگینـەی لەیـاد بـوو، کـە دایکـی تووشـی بـوو، کاتێـک ئـەم لـە تەمەنـی سـێزدە ساڵییدا ڕایگەیانـد، کـە وازی لـە ئیمانداریـی هێنـاوە. بـۆ دوو هەفتـەی تـەواو، یاخـود زیاتـر دایکـی هیچـی نەخـوارد، هیچـی نەگـوت، تەنانـەت یـەک

جاریش نە خۆی شۆرد، نە قژی داهێنا، نە جلەکانی ژێرەوەی گۆڕی. تەنیا کەمێک لەگەڵ سووڕی مانگانەکەی خەریک دەبوو. یۆشییا هەرگیز دایکی بەو شێوە پیس و بۆنناخۆشییە نەبینی بوو. تەنیا بیرکردنەوە لە دووبارەبوونەوەی شتێکی هاوشێوە، سنگی یۆشییای تووشی ئازار دەکرد.

یۆشییا باوکی نەبوو. هەر لە لەدایکبوونیەوە تەنیا دایکی لابوو، بە منداڵیی چەندین جار و بەردەوام بە کوڕەکەی دەگوت، «باوکی تۆ پەروەردگارەکەمانە» (بەو جۆرە ناوی خودایان دەبرد)» پەروەردگاریش دەبێت لەسەرەوە بێت لە بەهەشت؛ ناتوانێت بێتە خوارەوە و لەگەڵمان بژی. بەڵام هەمیشە چاوی لێتە و چاودێریت دەکات. یۆشییا، ئەو هەمیشە لە ڕێگەی دڵتەوە ئاگاداری هەموو شتێکی تۆیە.»
بەڕێز تاباتا، کە بە منداڵیی وەک «ڕێنیشاندەری» تایبەتی یۆشییا خزمەتی دەکرد، هەمان ئەو شتانەی پێدەگوت:
«ڕاستە، تۆ باوکێکت نییە لەم جیهانەدا، لەگەڵ گەورەبووندا تووشی چەندین جۆر خەڵک دەبیت، کە شتی پووچ و بێمانا دەڵێن لەم بارەیەوە. بەداخەوە، چاوی زۆربەی خەڵک هەور گرتوویەتی و ناتوانن ڕاستییەکان ببینن، بەڵام یۆشییا پەروەردگارمان، باوکی تۆ، خودی ئەم جیهانەیە. تۆ بەختەوەریت، کە لە ئامێزی خۆشەویستییەکەی ئەودا دەژیت. پێویستە شانازیی بەوەوە بکەیت و ژیانێکی باش و ڕاستەقینەش بژیت.»
یۆشییا دوای ئەوەی چووە خوێندنگەی ناوەندیی وەڵامی دایەوە، «دەزانم، بەڵام خودا موڵکی هەموو کەسە، وانییە؟ باوکان جیاوازن. هەموو کەس باوکێکی جیاوازی هەیە ڕاستە؟»

«گوێم لێ بگرە یۆشییا. ڕۆژێک خودا، باوکت، خۆیت بۆ دەردەخات وەک باوکت، تەنیا و تەنیا باوکی تۆ. کاتێک دێت و چاوت پێی دەکەوێت، کە بە هیچ جۆرێک پێشبینیت نەکردووە. بەڵام گەر گومانت هەبێت، یاخود واز لە ئیمانەکەت بهێنیت، ڕەنگە بەجۆرێک لێت دڵگران و بێهیوا بێت، هەرگیز خۆیت پیشان نەدات.

«تێدەگەیت؟»

«تێدەگەم.»

«ئەوەی کە پێمگوتیت جوان لە مێشکتدا هەڵیدەگریت؟»

«جوان لە مێشکمدا هەڵیدەگرم بەڕێز تاباتا.»

بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی بەڕێز تاباتا پێی گوت، هیچ مانایەکی نەبوو لای یۆشییا، چونکە نەیدەتوانی بڕوا بکات، کە ئەو «منداڵی تایبەتی خودایە.» ئەو کوڕێکی ئاسایی بوو، وەک ئەو کوڕ و کچانەی لە هەموو شوێنێک دەیبینین، یاخود ڕەنگە کەمێک لە ئاساییش کەمتربێت. خاوەنی هیچ شتێکی تایبەتی نەبوو لەوانی دی باشتر بێت، هەمیشە لە هەموو کارێکدا تووشی ئاڵۆزیی و کێشە دەبوو. هەموو قۆناغی ناوەندیی بەم جۆرە تێپەڕاند. نمرەکانی خراپ نەبوون، بەڵام لە وەرزشدا کۆڵەوار بوو. قاچەکانی باریک، لاواز و خاو بوون، چاوەکانی کز، دەستی خوار. لە بەیسبۆڵدا، هەموو ئەو تۆپانەی لەدەست دەدا، کە بەرەو ئەم دەفڕین. یاریزانەکانی هاوڕێی بۆڵەیان دەهات، کچە بینەرەکانیش قاقا پێدەکەنین.

یۆشییا هەموو شەوێک کاتی خەوتن، لە خودا، باوکی دەپارایەوە، «بەڵێنت دەدەمێ لەسەر ئەم ئیمانەم بەردەوامبم، ئەگەر ڕێگەم بدەیت تۆپە فڕیوەکانی یاری بەیسبۆڵ بگرمەوە، ئەمە تەنیا شتە داوای دەکەم (لە ئێستادا).» ئەگەر خودا بەڕاستی باوکی بووایە، هیچ نەبووایە دەبوو ئەوەندەی بۆ بکات. بەڵام ئەو نزایەی هەرگیز گیرا نەبوو. تۆپەکان بەردەوام لە دەستکێشەکەی دەکەوتنە خوارەوە.

بەڕێز تاباتا بە تووڕەییەوە گوتی: «ئەمە واتا تۆ خوداکەمان تاقیدەکەیتەوە یۆشییا، نزاکردن بۆ داواکردنی شتێک هیچ کێشەیەکی تێدا نییە، بەڵام تۆ پێویستە نزا بۆ شتێکی لەوە گەورەتر بکەیت. داواکردنی شتێکی کۆنکرێتیی، لە کاتێکی دیاریکراودا هەڵەیە.»

کاتێک یۆشییا بوو بە حەڤدە ساڵ، دایکی نهێنی لەدایکبوونەکەی بۆ باسکرد (زۆروکەم). دایکی گوتی هێندە گەورەیە پێویست بکات نهێنییەکە بزانێت.

«لە سەرەتای باڵغبوونمدا، لە تاریکییەکی قووڵدا دەژیام. ڕووحم بە جۆرێک شێوابوو، وەک ئەوەی لە زەریایەکی بێبنی قوڕاوییدابم. نووری حەقیقەت لە پشتی چەند هەورێکی تاریکەوە بوو. هەروەها لەگەڵ هەندێک پیاودا خەوتبووم، بێەوەی خۆشەویستی لە نێوانماندا هەبێت. دەزانیت مەبەستم لە پێکەوەخەوتن چییە وانییە؟
یۆشییا گوتی، کە بەڵێ لە ڕاستییدا دەزانێت. کاتێک باسەکە دەهاتە سەر سێکس، دایکی زمانێکی زۆر کۆنی بەکاردەهێنا. لەو کاتەدا یۆشییا خۆشی لەگەڵ زۆر کچدا خەوتبوو، بێەوەی خۆشەویستیی لە نێوانیاندا هەبێت.
دایکی بەردەوامبوو لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی، «یەکەم جار، لە قۆناغی دووی دواناوەندیی زگم پڕ بوو. ئەوکات زۆر باش نەمدەزانی زگپڕبوون واتای چییە. هاوڕێیەکم بە پزیشکێکی ناساندم، توانی منداڵەکەم لەبار ببات. پزیشکەکە پیاوێکی زۆر میهرەبان و زۆریش گەنج بوو، دوای نەشتەرگەرییەکە لەبارەی چۆنیەتی ڕێگریی منداڵبوونەوە ئامۆژگاریی کردم. پێی گوتم، کە نەشتەرگەرییەکە نە بۆ جەستەم باش بوو، نە بۆ ڕووحم، هەروەها پێشی گوتم، کە دەبێت ئاگاداری نەخۆشییە سێکسییەکان بم، لەبەر ئەوە دەبێت هەمیشە کۆندۆم بەکاربهێنم، پاکەتێک کۆندۆمی نوێشی داپێم.
«پێم گوت: کە کۆندۆمم بەکارهێناوە، بۆیە گوتی: ‹کەوایە کەسێک بە شێوەیەکی دروست بەکاری نەهێناوە، سەیرە چەند کەسێکی کەم بە دروستی دەزانن بەکاری بهێنن.› بەڵام من گەمژە نیم. زۆر ئاگاداری ئەوەبووم مەنع بکەم. ئەو چرکەیەی جلەکانمان داکەند، من خۆم کۆندۆمەکەم کرد بە پیاوەکەوە. چونکە نابێت لەو بابەتانەدا متمانە بە پیاوان بکرێت. دەزانیت کۆندۆم چییە، وانییە؟»
یۆشییا گوتی، کە دەزانێت کۆندۆم چییە.
«ئیدی دوای دوو مانگ، جارێکی دی زگم پڕ بووەوە. بە ئەستەم بڕوام بەوە دەکرد: لە هەر کات زیاتر ئاگاداری خۆم بووم. هیچم لەدەست نەدەهات، گەڕانەوە نەبێت بۆ لای هەمان پزیشک. سەیرێکی کردم و گوتی: ‹پێم گوتیت ئاگاداری خۆت بە. ئەو

مێشکەی تۆ چی تێدایە؟› نەمدەتوانی لە گریان بووەستم. بۆم ڕوونکردەوە چەندە ئاگام لە خۆم بووە و هەموو کات مەنع دەکەم لە ساتی پێکەوە خەوتندا، بەڵام بڕوای پێنەکردم. گوتی، ‹ئەگەر بە دروستی بەکارت بهێنایە، هەرگیز ئەمە ڕوونەدەدا.› زۆر تووڕە بووبوو.
«با چیرۆکە درێژەکە کورت بکەینەوە، نزیکی دوای شەش مانگ، بە چەند ڕێکەوتێکی سەیر، لەگەڵ پزیشکەکەدا دەستمان کرد بە پێکەوەخەوتن. ئەوکات سی ساڵ بوو، هێشتا ژنی نەهێنا بوو. قسەکردن لەگەڵیدا کەمێک ناخۆش بوو، بەڵام پیاوێکی باش و ڕاستگۆ بوو. نەرمایی گوێی ڕاستی نەمابوو. بە منداڵی سەگێک خواردبووی. ڕۆژێک بەسەر جادەیەکدا ڕۆیشتبوو، سەگێکی ڕەشی گەورە، کە پێشتر نەیبینی بوو، خۆی بۆ هەڵدابوو و قەپاڵی کردبوو بە نەرمایی گوێیدا. هەمیشە دەیگوت، کە دڵخۆشە تەنیا نەرمایی گوێی بووە. دەتوانیت بێ نەرمایی گوێ بژیت، بەڵام ئەگەر لووت بووایە قورس دەبوو. منیش هاوڕا بووم لەگەڵی.
لەگەڵ ئەودابوون، یارمەتی دام خودە کۆنەکەم بەدەستبهێنمەوە و ببمەوە بە خۆم. کاتێک لەسەر جێگە لەگەڵی سەرقاڵی پێکەوەخەوتن بووم، هیچ ڕاڕا نەبووم. تەنانەت وام لێهات حەزم لە گوێ بچکۆلەکەی کرد. هێندە پێوەست بوو بە کارەکەیەوە، لە ناو جێخەوەکەشماندا، وانەی پێدەگوتم لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی کۆندۆم، وەک ئەوەی چۆن و کەی دەبێت پێوەی بکرێت و چۆن و کەی لێی بکرێتەوە. ڕەنگە پێت وابێت ئەمە مەنعکردنی ئاسانکرد، بەڵام جارێکی دی زگم پڕ بووەوە.
دایکی یۆشییا چوو بۆ لای پزیشکە دڵدارەکەی و پێی گوت، کە ڕەنگە دیسان دووگیان بێت. ئەویش پشکنینی بۆ کرد و پێی ڕاگەیاند، کە ڕاستە دووگیانە. بەڵام دانی بەوەدا نەنا، کە ئەو باوکی بێت. پزیشکەکە گوتی: «من زۆر بە ئەزموونم، شێوازەکانی ڕێگرییکردنم لە منداڵبوون جێی گومان نین. کەوایە پێدەچێت تۆ پێوەندیت لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا هەبووبێت.»
«ئەمە زۆر ئازاری دام. قسەکەی زۆر تووڕەی کردم، نەمدەتوانی

لە لەرزین بووەستم، دەبینیت ئەمە چەند قووڵ ئازاری داوم؟»
یۆشییا گوتی، کە دەیبینێت.
«کاتێک لەگەڵی بووم، لەگەڵ هیچ پیاوێکی دیکەدا نەدەخەوتم. تەنانەت یەک جاریش. بەڵام وەک قەحبەیەک بیری لێکردمەوە. ئەوە دواجار بوو، کە بینیم. منداڵەکەی زگیشم لەبار نەبرد. بڕیارم دا خۆم بکوژم. بڕیارەکەشمم جێبەجێ دەکرد. سواری کەشتییەک دەبووم بۆ ئۆشیما[٩] و لەسەر پشتی کەشتییەکەوە خۆم فڕێدەدایە ناو دەریاکەوە، ئەگەر بەڕێز تاباتا نەیبینیمایە، کە بەسەر شەقامێکدا دەسووڕامەوە و قسەی لەگەڵ نەکردمایە. من هیچ ترسێکم لە مردن نەبوو. بێگومان، ئەگەر ئەوکاتە بمردمایە، تۆ هەرگیز نەدەهاتیتە ئەم دنیایەوە یۆشییا. بەڵام سپاس بۆ ڕێنوێنیەکەی بەڕێز تاباتا، بووم بەو کەسە ڕزگاربووەی ئەمڕۆ دەمبینیت. هیچ نەبێت توانیم نووری حەقیقەت بدۆزمەوە، بە هاوکاری ئیماندارەکانی دیکەش تۆم هێنایە ئەم دنیایەوە.»

**بەقسەکانی دایکی یۆشییا، بەڕێز تاباتا گوتبووی:**
«تۆ ئاگاییترین شێوازەکانی مەنعت بەکارهێنا، بەڵام هێشتا دووگیان بوویت. لە ڕاستییدا تۆ سێ جار لەسەر یەک دووگیان بوویت. پێت وایە شتێکی لەو جۆرە بە ڕێکەوت ڕوودەدات؟ من بۆ یەک جاریش بڕوا ناکەم ئەمە ڕێکەوت بێت. سێ جار ‹ڕێکەوت›، چیتر ڕێکەوت نییە. ژمارە سێ هیچی دیکە نییە، جگە لەوەی لەلایەن پەروەردگارمانەوە بۆ مژدە بەکارهاتووە. بە مانایەکی دیکە خاتوو ئۆساکی، ئەوە ویستی پەروەردگارمانە، کە تۆ منداڵێکت ببێت. ئەو منداڵەی لە زگتدایە، منداڵی هیچ کەسێک نییە، خاتوو ئۆساکی: ئەوە منداڵی پەروەردگارمانە لە بەهەشتەوە؛ منداڵێکی نێرینە، ناوی دەنێم یۆشییا، بۆ ‹باشییەکەی›»
دواتر وەک بەڕێز تاباتا پێشبینی کردبوو، منداڵەکە کوڕ بوو، ناویان نا یۆشییا، دایکی یۆشییاش وەک خزمەتکاری خودا ژیا، چیتر لەگەڵ پیاوانی دیکەدا نەدەخەوت.
یۆشییا بە کەمێک دڕدۆنگییەوە بە دایکی گوت، «کەوایە لە ڕووی

بایۆلۆژییەوە، باوکی من ئەو پزیشکی منداڵبوونەیە، کە ... لەگەڵی دەخەوتیت.»

«ڕاست نییە،» دایکی بە چاوی کراوە و تووڕەبوونەوە گوتی، «گومان لە شێوازەکانی مەنعی ئەو ناکرێت هێندە شارەزا بوو. بەڕێز تاباتا ڕاست دەکات: باوکی تۆ پەروەردگارمانە. تۆ لە بەرەنجامی ئەزموونێکی ئیرۆتیکی نەهاتویتە دنیاوە، بەڵکو بە ئەکت و ویستی پەروەردگار.»

دایکی ئیمانێکی یەقینی هەبوو، بەڵام یۆشییا دڵنیا بوو، کە باوکی ئەو پزیشکی منداڵبوونەیە. کۆندۆمەکە کێشەیەکی هەبووە. هیچ شتێکی دیکە ڕێگەی تێناچێت.

**«پزیشکەکە زانی، کە منت هێناوەتە دنیاوە؟»**

**«پێم وانییە، هەرگیز نەمبینییەوە،» دایکی گوتی، «بە هیچ جۆرێک پێوەندیم پێوە نەکردەوە. ڕەنگە نەزانێت.»**

پیاوەکە بە هێڵی شەمەندەفەری چوۆدا چوو بۆ ئەبیکۆ. یۆشییا بەدوایدا چووە ناو ڤارگۆنەکەوە. ئەوە دوای دە و نیوی شەو بوو، چەند سەرنشینێکی کەم لە شەمەندەفەرەکەدابوون. پیاوەکە دانیشت و گۆڤارێکی لە بریفکەیسەکەی دەرهێنا. لە بڵاوکراوەیەکی پرۆفیشناڵ و فەرمی دەچوو. یۆشییا بەرانبەری دانیشت و وا خۆی نیشاندا، کە ڕۆژنامەکەی دەستی دەخوێنێتەوە. پیاوەکە جەستەیەکی باریک، دەموچاوێکی تیژ و ڕووخسارێکی جدی هەبوو. شتێکی تێدابوو وەک پزیشک دەری دەخست. تەمەنی لە گونجاو دەچوو، نەرمایی گوێیەکیشی نەمابوو. گوێی ڕاستی. ڕەنگە سەگێک گازی لێگرتبێت.

یۆشییا هەستێکی دڵنیایی هەبوو، کە ئەم پیاوە باوکە بایەلۆژییەکەی خۆیەتی. ڕەنگە ئەو پیاوە هێشتا نەشزانێت، کە کوڕێکی هەیە.

ڕەنگە پێشی خۆش نەبێت لەو سات و شوێنەدا ئەو ڕاستییەی بۆ ئاشکرا بکرێت. دواجار پزیشکەکە خاوەنی ئەزموونێک بوو، کە شێوازەکانی مەنعکردنی جێی گومان نین.

شەمەندەفەرەکە شین-ئۆچانۆمیزو، سێنداگی و هێڵی ژێر زەوی ماچیای تێپەڕاند و پێش ئەوەی بگاتەوە سەر ڕووی زەوی، لە وێستگەیەک وەستا. لە هەر وێستگەیەک، ژمارەی سەرنشینەکان کەمتر دەبووەوە. پیاوەکە بە هیچ شێوەیەک سەری لەسەر ڕۆژنامەکەی بەرز نەکردەوە و هیچیش پێوەی دیارنەبوو بیەوێت بەو نزیکانە کورسییەکەی جێبهێڵێت. لەکاتی چاودێرییکردندا لە سەروو ڕۆژنامەکەیەوە، یۆشییا هەندێک بەشی شەوی ڕابردووی بەیادهاتەوە. لەگەڵ هاوڕێیەکی کۆنی زانستگە و دوو کچ، کە هاوڕێکەی دەیناسین، چووبوون بۆ ئۆپۆنگی[١٠] بۆ خواردنەوە. بیری بوو لە بارێکەوە چووبوون بۆ یانەیەک، بەڵام بیری نەدەهاتەوە لەگەڵ ئەو کچەدا خەوتبێت، کە لەگەڵی ڕێککەوتبوو. دواجار بڕیاریدا، کە ڕەنگە لەگەڵی نەخەوتبێت. زۆر سەرخۆش بوو: بە هیچ جۆرێک ڕێگەی تێناچێت لەگەڵی خەوتبێت.

ڕۆژنامەکە لێوانلێو بوو لە چیرۆکی زەمینلەرزە نائاساییەکە. دایکی و ئیماندارەکانی دیکە لە کڵێسایەکی بەشی ئۆساکا ماونەتەوە. هەموو بەیانییەک، تیاکۆکەی[١١] پشتیان پڕپڕ دەکەن لە پێداویستیی و لەگەڵ ئەو کەسانەی دیکەدا دەچن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکەیان، چەند بتوانن بە شەمەندەفەر دەڕۆن، دواتر بە تاوەڕێگە وێرانەکەدا بە پێ دەچن بۆ کۆب.[١٢] لەوێ پێویستییەکانی ڕۆژانە بەسەر قوربانیانی بومەلەرزەکەدا دابەش دەکەن. بە تەلەفۆن پێی گوتبوو، کە تیاکۆکەی نزیکی سیوپێنج پاوەند قورسە. یۆشییا وای هەست دەکرد کۆب چەندین ساڵی ڕووناکیی لێوەی دوورە. پیاوەکەی بەرانبەریشی لە گۆڤارەکەیدا نوقم بووبوو و چاوی هەڵنەدەبڕی.

تا ئەوکاتەی قۆناغی ناوەندیشی تەواوکرد، یۆشییا هەفتەی جارێک لەگەڵ دایکی بە کارێکی خێرخوازیی کڵێسا دەڕۆیشتە دەرەوە.

دایکی باشترین ئەنجامی بەدەست دەهێنا لە نێوان ئەندامانی دیکەی کڵێساکەدا. زۆر گەنج و جوان بوو و واشدەردەکەوت زۆر باش پەروەردە کرابێت (هەر واش بوو) بۆیە خەڵکی هەموو بەدڵیان بوو. منداڵە جوانەکەشی لەگەڵ بوو. زۆربەی خەڵکی لە ئامادەبوونی دایکیدا چاویان تیژدەکردەوە. پێنەدەچوو زۆر پەرۆشی دینبن، بەڵام حەزیان دەکرد گوێ لە دایکی بگرن. دایکی لە ماڵێکەوە دەچوو بۆ ماڵێکی دیکە بە قاتێکی سادە (بەڵام شیاو) ـەوە، نامیلکەی دابەشدەکرد و بە ئارامیی ستایشی خۆشیی و چێژەکانی ئیمانی بۆ دەکردن.

بە چاوی درەوشاوە و دەنگی گەرمەوە پێی دەگوتن، «بێگومان هەرکات ڕووبەڕووی هەر ئاستەنگ و ئازارێک بوونەوە، دەتوانن سەردانمان بکەن. ئێمە هەرگیز زۆریی لە کەس ناکەین، تەنیا ئامۆژگاریی پێشکەش دەکەین. ساتێک لە ژیانی منیشدا هەبوو، کە ڕووحم لە ناو قووڵترین تاریکیدا نوقم بوو بوو، تا ئەو ساتەی ئەم وانانە ڕزگاریان کردم. ئەم منداڵەم لە زگدا بوو، خەریک بوو خۆم فڕێبدەمە زەریاوە. بەڵام دەستەکانی پەروەردگار ڕزگاریان کردم، ئەو پەروەردگارەی لە فیردەوسە، ئێستا من و کوڕەکەم لە ژێر نووری ئەودا دەژین.»

یۆشییا لەگەڵ دایکیدا، هیچ شەرمی لە لەدەرگەدانی ماڵە نەناسراوەکان نەدەکرد. ئەو ساتانەش لە هەر کات دایکی شیرینتر و میهرەبانتر بوو لەگەڵی، دەستەکانی هەمیشە گەرمبوون. سات هەبوو دەچوون بۆ ماڵێک، بەڵام خاوەن ماڵەکە دەری دەکردن. ئەم دەرکردنانە وایان لە یۆشییا کردبوو چێژی زیاتر لەو وشە میهرەبانە وەربگرێت، کە بە دەگمەن و جارجار دەیبیستن. بەو جۆرە توانییان متمانەی هەمووان بەدەستبهێنن و ئیمانداری نوێ بهێننە کڵێساکەوە، ئەمە یۆشییای لە شانازییدا نوقم کرد. بیری دەکردەوە، ڕەنگە ئێستە خودا، باوکم، وەک کوڕی خۆی بمناسێتەوە.

ماوەیەکی زۆر بەسەر چوونە ناوەندییدا تێنەپەڕی بوو، کە یۆشییا دەستبەرداری ئیمانەکەی بوو. کاتێک لە بوون و ئازادییی خودی ئیگۆکەی خۆی بە ئاگاهاتەوە، زۆر بۆی ئەستەم بوو بەو ئیمانە و بڕوا پتەوەی ئیماندارەکان قایلبێت، کە لەگەڵ بەها ئاساییەکاندا نەدەگونجان. بەڵام لە هەموو هۆکارەکان گەورەتر و سەختتر، ئەو ساردییە بێکۆتاییەی ئەو کەسە بوو، کە باوکی بوو: تاریکیی، سەختیی، بێدەنگیی بەرداسای دڵی. دەستبەرداربوونی یۆشییا لە ئیمانەکەی، بووە مایەی بێتاقەتییەکی زۆر قووڵ بۆ دایکی، بەڵام ئەوە هیچ کاری نەکردە سەر بڕیارەکەی.

شەمەندەفەرەکە چووبووە دەرەوەی تۆکیۆ و یەک دوو وێستگە بەر لەوەی لە ویلایەتی چیبا[١٣] بچنە دەرەوە، پیاوەکە گۆڤارەکەی خستەوە ناو بریفکەیسەکەی و هەستایە سەر پێ، بەرەو دەرگەکە چوو. یۆشییا بۆ ناو وێستگەکە شوێنی کەوت. پیاوەکە بە خێرایی لە دەروازەکەوە چووە دەرەوە، بەڵام یۆشییا دەبوو لە ڕیزێکدا بوەستێت و پارەی زیاتر بدات بۆ ئەو ماوە زیادەیەی لە شەمەندەفەرەکەدا مابووەوە. هەرچۆنێک بوو توانی خۆی بگەیەنێتە ئەو تەکسییانەی بە هێڵ وەستابوون و پیاوەکە چووبووە یەکێکیانەوە. سواری تەکسی دواتر بوو و پارەیەکی نوێی دەهەزار یەنی لە جزدانەکەی دەرهێنا.

«دوای ئەو تەکسییە بکەوە.»

شۆفێرەکە بە گومانەوە سەیری کرد، دواتر چاوی بڕییە پارەکە.

«هێی برادەر، ئەمە کارێکی مافیاییی نییە؟»

«خەمت نەبێت، تەنیا دوای کەسێک دەکەوم.»

شۆفێرەکە کاغەزە دەهەزار یەنەکەی وەرگرت و لە شۆستەکە دوورکەوتەوە، «باشە، بەڵام هێشتا کرێکەی خۆمم دەوێت. مەترەکە دەڕوات.»

هەردوو تەکسییەکە لە کۆڵانێکی پڕ لە فرۆشگەی داخراودا خاویان کردەوە، بە لای چەند گۆڕەپانێکی تاریک و چۆڵدا ڕۆیشتن، چەند پەنجەرەیەکی ڕووناکی نەخۆشخانەیەکیان تێپەڕاند، دواتر بە ناو پرۆژەیەکی نوێی پڕ لە خانووی پاکەتی و بچووک دروستکراودا. شوێنکەوتنی ئەو پیاوە، نە هیچ کێشەیەکی بۆ یۆشییا دروست کردبوو، نە هیچ خۆشیەکیشی پێدابوو. شۆفێرەکەی یۆشییا هێندە ژیربوو ماوەی نێوان خۆی و تەکسییەکەی پێشەوەی بپارێزێت.

«لە پێوەندیدان یان چی؟»

«نا پیاو ڕاودەکەین، دوو کۆمپانیاین شەڕ لەسەر یەک کەس دەکەین.»

«بەڕاست؟ بیستبووم کۆمپانیا هەیە بە دوای خەڵکدا ڕادەکەن، بەڵام پێم وانەبوو بەم جۆرە خراپ بێت.»

ئێستە گەیشتبوونە شوێنێک، بە ئەستەم ماڵ دەبینرا لەسەر شەقامەکە، دواتر گەیشتنە بانکی ڕووبارێک و چوونە ناوچەیەکی پڕ لە کارگە و کۆگەی گەورەوە. تەنیا شت، کە بۆشاییە خاڵییەکەی نێوانیانی نیشانە دەکرد، ڕووناکی گڵۆپە نوێکانی سەر شەقامەکە بوون، کە لە زەوییەکەوە دەرپەڕیبوون. لەو شوێنەدا، کە دیوارێکی بەرزی کۆنکریتی بە درێژایی جادەکە درێژبووبووەوە، تەکسییەکەی پێشەوە لەناکاو وەستا. کاتێک شۆفێرەکەی یۆشییا بەگلایتی ئۆتۆمبێلەکەی پێشەوەی بینی، سەت یاردێک لە پشتی ئەوەوە بەپەلە وەستا و لایتەکانی کوژاندەوە. تیشکە بەهێز و تووڕەکەی ڕووناکیی گڵۆپی سەر شەقامەکان، لە سەرەوە بەر قیری سەر جادەکە دەکەوتن. هیچ شتێ نەدەبینرا، بێجگە لە دیوارەکە و نووکی تەلە زیپەکانی سەری، کە وا پێدەچوو بەرەنگاریی هەموو دنیا بکەن. دوور لەوان، دەرگەی تەکسییەکە کرایەوە و پیاوە بێنەرمایی گوێکە دابەزی. یۆشییا دوو کاغەزی دیکەی دەهەزار یەنی دا بە شۆفێرەکە، بێجگە لە دەهەزار یەنی کرێکەی.

«بەڕێز هەرگیز لەم ناوە تەکسیت دەستناکەوێت، دەتەوێت لەم دەوروبەرە چاوەڕێت بکەم؟»

«قەیناکە،» یۆشییا وایگوت و لە تەکسییەکە دابەزی.

پیاوەکە دوای ئەوەی لە تەکسییەکە دابەزی، بێ‌ئەوەی سەیری هیچ شوێنێکی دیکە بکات، بە هەمان ئارامیی و هەنگاوە باڵانسەکانیەوە، وەک ئەو ساتەی وێستگەی شەمەندەفەرەکە، ڕاستەوخۆ بە درێژایی دیوارە کۆنکریتییەکە دەستی بە ڕۆیشتن کرد. لە بووکەڵەیەکی میکانیکیی دەچوو زۆر شارەزایانە دروستکرابێت و لە لایەن موگناتیسێکی گەورەوە ڕابکێشرێت. یۆشییا هەردوو ملیوانی چاکەتەکەی بەرزکردەوە و هەناسەیەکی قووڵی وەک هەورێکی سپی لە بۆشاییی نێوان ملیوانەکانیەوە دایەوە. لەکاتێکدا شوێن پیاوەکە کەوت، ماوەیەکی لە نێوان هەردووکیاندا پاراست، تا دەرکی پێنەکرێت. تەنیا شت گوێی لێبوو، دەنگی پێڵاوە چەرمەکانی پیاوەکە بوو لەسەر قیرەکە. پێڵاوە نەرمەکانی یۆشییا، بێدەنگ بوون.

هیچ ئاماژەیەک نەبوو مرۆڤێک لەوێ بژی. شوێنەکە لە ستەیجێکی خەیاڵی ناو خەونێک دەچوو. لەو شوێنەی دیوارە کۆنکریتییەکە تەواو دەبوو، گۆڕەپانێکی سکرابکردنی لێبوو: شاخێک لە ئۆتۆمبێلی کەڵەکە کراو، بە سیم پەرژینکرابوو. لەژێر ڕووناکی فلاتی گڵۆپەکانی سەر شەقامەکەدا، کانزا کەڵەکەبووەکان، وەک یەک شێوەی نائەندازەییی بێڕەنگ دەردەکەوتن. پیاوەکە بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن بە ڕێکی بەرەو پێشەوە.

یۆشییا بیری دەکردەوە دەبێت ئەو پیاوە مەبەستی بە تەکسی هاتن بۆ ئەم شوێنە دوورەدەستە چی بێت. پیاوەکە بەرەو ماڵەوە نەدەڕۆیشتەوە؟ یاخود ویستبێتی لە ڕێگەی ماڵ لابدات و سەردانی کەسێک بکات. هەرچەندە شەوانی فێبریوەری لەوە ساردتربوو بتوانیت پیاسە بکەیت. جارجار بایەکی سارد لە پشتەوە دەیدا لە

یۆشـییا و شـەقامەکەی بەرەوخـوار دەبڕی.

لـەو شـوێنەدا، کـە ناوچـەی سـکرابەکە تـەواو بـوو، دیوارێکـی کۆنکرێتـی عەبوسـی دیکـە درێـژ دەبـووەوە تەنیـا ناوبەنـاو بـە کۆڵانـی باریـک دەبڕدرا. ئەمـە واپێدەچـوو ئـەم شـوێنە ئاشـنابێت بـۆ پیاوەکـە: بێدوودڵـی لەسـەر سـووچەکە سـووڕایەوە. کۆڵانەکـە تاریـک بـوو. یۆشـییا نەیتوانـی هیـچ بەدیبـکات لـە قووڵاییيەکـەیدا. بـۆ چەنـد خولەکێـک ڕاڕابـوو، دواتـر هانگاوی نـا و بـە دوای پیاوەکـەدا ڕۆیشـت. تـا ئێـرە هاتبـوو، ئامـادە نەبـوو لێـرە پاشـگەز ببێتـەوە.

دیـوارە بـەرزەکان بـە درێژایـی هـەردوو لای ڕێـڕەوە ڕێکەکـە درێژدەبوونـەوە. بـە ئەسـتەم جێگـە دەبـووەوە دوو کـەس بـە لای یەکدا تێبپـەڕن و هێنـدەی نیوەشـەوێکی بنـی دەریـاش تاریـک بـوو. یۆشـییا تەنیـا بـە دوای دەنگـی پێڵاوەکانـی پیاوەکـەدا دەڕۆیشـت. تەقـەی پێڵاوەکان بـەردەوام و بـە جێگیـری لـە پێشـیەوە دەڕۆیشـت، بێـەوەی باڵانسـەکەی بگۆڕێـت. تەنیـا بـە شـوێنکەوتنی دەنگەکـە، یۆشـییا بـەرەو پێشـەوە ڕۆیشـت، بـەرەو ئـەو جیهانـە بێڕووناکییـە. دواتـر دەنگیـش بوونـی نەمـا.

بڵێیـت پیاوەکـە هەسـتی بەوەکردبێـت، کـە شـوێنی کەوتـوون؟ بڵێیـت ئێسـتە لـە شـوێنێک بێجووڵـە وەسـتابێت، هەناسـەکانی ڕاگرتبێـت، چـاو و گوێـی هەڵخسـتبێت تـا بزانێـت کـێ بـە دوایەوەتـی؟ دڵـی یۆشـییا لـە تاریکییەکـەدا گوشـرا، بـەڵام ترپـە بەرزەکانـی لـە سـنگیدا نوقـم کـردەوە و بـەردەوام بـوو. هەرچـی دەبێـت بـە دۆزەخ، وا بیـری کـردەوە. ئـەی ئەگـەر بەسـەرمدا قیژانـدی بۆچـی شـوێنی کەوتـووم؟ یەکسـەر ڕاسـتییەکەی پێدەڵێـم. ئـەوە خێراتریـن شـێوەیە تـا شـتەکان ڕوونبکەمـەوە. بـەڵام دواتـر کۆڵانەکـە داخرابـوو و دەرنەدەچـوو، بـە پەرژینێکـی ئاسـن داخرابـوو. یۆشـییا کەمێکـی پـێ چـوو تـا بۆشـاییيەکەی دۆزیـەوە، کرانەوەیـەک بـوو هێنـدەی کەسـێکی پێـوە بچێـت، کەسـێک ئاسـنەکەی بـە پشـتا چەماندبـووەوە. خـوارەوەی چاکەتەکـەی کۆکردەوە و خـۆی گوشـی و بـە بۆشـاییيەکەدا تێپـەڕی.

بۆشـایییەکی گـەورە، کـراوە و فـراوان لەودیـوی پەرژینەکـەوە کرابـووەوە. گۆڕەپانێکـی خاڵـی نەبـوو، لـە گۆڕەپانـی یـاری دەچـوو. یۆشـییا لەوێـدا وەسـتا، لـە ژێـر ڕووناکـی مانگـدا بـۆ هـەر شـتێک دەگـەڕا. پیاوەکـە دیارنەمابـوو.

یۆشـییا لـە گۆڕەپانێکـی یـاری بەیسـبۆڵدا وەسـتابوو، شـوێنێک لـە دەرەوە، لـە ناوەڕاسـتی ناوچەیەکـی کـراوە و گـەورەی گیـا پانـەوە بـوو و بەژێـرەوە بـوو دا. لـە ناوەڕاسـتی گۆڕەپانەکـەدا وەک هەمیشـە کەمێـک لـە چیمەنەکـە ڕووتابـووە، وەک جێبرینێـک دەردەکـەوت. دوور لەسـەر هـۆم پلەیتەکـە،[١٤] شـەبەکەی پەرژینەکـە[١٥] باڵەکانـی کرابـووەوە، وەک دوو باڵـی ڕەش. لـە شـوێنی لێدانەکـەوە[١٦] نزیـک بـوو، کەمێـک لـە زەوییەکـەوە بەرزبووبـووەوە. پەرژینـە کانزایییـە بەرزەکـە، دەوری تـەواوی گۆڕەپانەکـەی دابـوو. شـنەیەک دەیـدا لـە گیـاکان، لەگـەڵ خۆیـدا زەرفێکـی چپسـی پەتاتـەی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـا و بـەرەو جێیەکـی نادیـار بـردی.

یۆشـییا هەردوو دەسـتی خسـتە ناو گیرفانی چاکەتەکەی و هەناسـەی ڕاگـرت، چاوەڕوانـی کـرد شـتێک ڕووبـدات. بـەڵام هیـچ ڕوویـنـەدا. گۆڕەپانەکـەی لای ڕاسـتی پشـکنی، دواتـر ئـەوەی لای چـەپ، دواتـر شـوێنی تۆپهەڵدانەکـە و زەوییەکـەی ژێـر پێـی، بـەر لـەوەی سـەربەرزبکاتەوە و سـەیری ئاسـمان بکات. چەنـد تۆپەڵـە هەورێـک بەوێـوە هەڵواسـرابوون، لێـوارە تیژەکانی مانگیش ڕەنگێکی سـەیریان هەبـوو. کەمێـک بۆنـی گـووی سـەگ، تێکەڵـی بۆنـی گیـاکان بووبـوو. پیاوەکە دیارنەمابوو، بێـەوەی شـوێنەوارێک جێبهێڵێت. ئەگـەر بەڕێز تاباتـا لـەوێ بوایـە، ئـەوا دەیگـوت، «ئێسـتا بینیت یۆشـییا، خالـق لـە چاوەڕواننەکراوترین شـێوەدا خـۆی دەردەخـات.» بـەڵام بەڕێـز تاباتـا مردبـوو.

سـێ سـاڵ بـەر لـە ئێسـتە بـە شـێرپەنجەی بـۆری میـز کۆچـی دوایـی کـرد. بینینـی دوا مانگەکانـی ئازارچەشـتنی، زۆر بـە ئـازار بـوو. بـە درێژایـی ئـەو هەمـوو کاتـە، تەنانـەت یـەک جاریـش خـودای

تاقینەکردەوە؟ تەنانەت یەک جاریش بۆ شیفایەکی بچووک لە خودا نەپاڕایەوە تا لەو ئازارە قورسە ڕزگاری بکات؟ بەڕێز تاباتا ئیمانەکەی زۆر توند و پتەو بوو، زۆر ئاگاداری ڕاسپاردەکان بوو. بەوردیی، بێلادان و لە پێوەندییەکی بەهێز و قووڵدا لەگەڵ خودا ژیا، ئەو لە هەرکەس زیاتر شیاوی ئەو نزایانە بوو بیانکات (هەرچەندە کۆنکریتیی و کاتیش بن). لەگەڵ ئەوەشدا، یۆشییا بیری کردەوە، ئەگەر بۆ خودا ڕەوابێت مرۆڤ تاقیبکاتەوە، بۆچی هەڵەبوو مرۆڤ خودا تاقیبکاتەوە؟

یۆشییا لە هەردوو لای سەریەوە هەستی بە لێدانی ترپەکانی دەکرد، نەیدەزانی ئەوە سەرێشەکەی شەوی ڕابردووە و بە باشی بەری نەداوە، یاخود شتێکی دیکەیە. بە بێزاریی و ڕقێکەوە هەردوو دەستی لە گیرفانی چاکەتەکەی دەرهێنا، دەستیکردەوە بە ڕۆیشتن، بە هەنگاوی خاو و گەورەوە بەرەو ماڵەکە[17] ڕۆیشت. چەند خولەکێک پێشتر، تەنیا شت لە مێشکیدا ئەو ماندووبوونە بوو بۆ شوێنکەوتنی پیاوێک، کە پێدەچوو باوکی بێت، ئەوەش هێنای بۆ ئەم گۆڕەپانی یارییە لە گەڕەکێک، کە پێشتر هەرگیز نەیبینی بوو. ئێستا، کە کەسە نەناسەکە دیارنەمابوو، هەرچۆنێک بێت، گرینگی سەرکەوتنی ئەو کارەی، کە هێندە دوور هێنابووی، لای بوو بە شتێکی ناڕوون. ماناکەی بە جۆرێک لەدەستدا، کە هەرگیز جارێکی دی، وەک خۆی لێنەیەتەوە، وەک ئەو پرسیارەی پێشتر لە خۆی دەکرد، ئایا دەتوانێت تۆپێکی یاری بەیسبۆل بگرێتەوە، یاخود نا، چیتر لەوە کەوت پرسیاری ژیان و مردنی بێت.

بەهیوابووم چی لەمە بەدەست بهێنم؟ لەکاتێکدا بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا، لەخۆی پرسی. دەمویست دان بەو پێوەندییەدا بنێم، کە لێرەبوونمی دەکرد بە شتێکی شیاو؟ بەهیوابووم ببمە بەشێک لە پلۆتی چیرۆکێکی ئاڵۆز، ڕۆڵێکی نوێ و باشترم پێبدرێت؟

نەخێر، بیری کردەوە، ئەوە هۆکارەکە نییە. ئەوەی لەم بازنانەدا شوێنی کەوتووم، دەبێت تەواوکراوی ئەو تاریکییەی ناخم بێت. تەنیا نیگایەکیم بینی و شوێنی کەوتم، توند خۆمم پێدا هەڵواسی، لە کۆتاییدا بەرمدا تا زیاتر بفڕێتە ناو قووڵاییەکی تاریکترەوە. دڵنیام جارێکی دی هەرگیز نایبینمەوە.

ڕووحی پۆشییا ئێستا زیاتر لە ئارامیی و جێگیریی یەکێک لە کات و شوێنەکانی بووندا مایەوە. ئێ چی دەبوو ئەگەر ئەو پیاوە باوکی بێت، یان خودا، یاخود نەناسێک، کە بە ڕێکەوتێک نەرمایییەکی گوێی لەدەستداوە؟ چیتر هیچ جیاوازییەکی نەدەبوو بۆ ئەو، ئەمە خۆی لە خۆیدا مانەفێست بوو، ئاهەنگێکی پیرۆز بوو: پێویستی دەکرد بە گۆرانییەوە ستایشی بکات؟

چووە سەر شوێنی لێدانەکە، لەسەر جێ پێکانی وەستا، خۆی کشاندەوە و ڕێک وەستا. پەنجەکانی کردن بە ناو یەکدا، هەردوو قۆڵی بۆ سەرەوە بەرزکردەوە، پڕ بە سییەکانی هەوای ساردی شەوی هەڵمژی، جارێکی دی سەری بۆ مانگ بەرزکردەوە. زۆر گەورە بوو. بۆچی مانگ هەندێک کات گەورەیە و هەندێکی دی بچووک؟ کورسی دانیشتنی تەختەی سادە بە درێژایی ڕیزی یەکەم و سێهەمی هێڵەکانی گۆڕەپانەکە درێژ بووبوونەوە. هەموو خاڵیبوون، بێگومان: نیوە شەوێکی فێبریوەری بوو. سێ ڕیزی کورسی تەختە بە ڕێکی بە یەک لە دوای یەک بە هێڵی درێژ و سارد بەرزبووبوونەوە. چەند باڵاخانەیەکی بێپەنجەرە، تاریک – پێدەچوو کۆگە، یاخود شتێکی لەو بابەتە بن– پێکەوە گردبوونەوە لە پشتی پەرژینەکەی دواوە. بێ ڕووناکی. بێ دەنگ.

لەسەر شوێنی تۆپ هەڵدانەکە وەستابوو، بەشێوەیەکی بازنەیی دەستەکانی برد بۆ سەرەوە. لەگەڵیدا قاچەکانیشی جوڵاند، بۆ پێشەوە و بۆ لاکان. لەگەڵ ئەم جوڵە سەمائاسایەدا، جەستەی دەستیکرد بە گەرمبوونەوە و هەموو ئەندامەکانی لەشی هەستی زیندووبوونەوەیان بۆ گەڕایەوە. پێشتریش هەستیکردبوو، کە هیچ

سەریشەکەی نەماوە و ڕۆیشتووە. بە درێژایی سالانی کۆلێژ، هاوڕێ کچەکەی بە یۆشییای دەگوت ‹بۆقە گەورەکە›. چونکە کاتی سەماکردن لە بۆقێکی زۆر گەورە دەچوو. کچەکە زۆر حەزی لە سەما بوو و هەمیشە ئەمیشی ڕادەکێشایە دەرەوە و دەیبرد بۆ یانەکان. بە یۆشییای دەگوت، «سەیری خۆت بکە، زۆرم حەزلێیە، کە ئاوا دەست و قاچە درێژەکانت دەجولێنیت! لە بۆقێکی ژێرباران دەچیت!»

یەکەمجار، کە وای پێگوت، پێی ناخۆش بوو و ئازاری دا، بەڵام کاتێک زیاتر پێکەوە ژیان، یۆشییا حەزی بە سەماکردن کرد. کاتێک ڕێگەی بەخۆی دەدا بڕوات و جولەی جەستەی دەدایە دەست مۆسیقاکە، دەگەیشت بەو هەستەی، کە ڕیتمە سروشتییەکەی ناخی، لەگەڵ ڕیتمە بنچینەییەکانی جیهاندا بە پێرفێکتی گونجاون. هەڵچوون و داچونی دەریا، سەمای ڕەشەبا بەسەر گیاکاندا، درەوشانەوەی ئەستێرەکان لە بەهەشتەوە: دڵنیابوو لەوەی ئەم شتانە لە شوێنێکەوە ڕوودەدەن، کە هیچ پێوەندییەکیان بە ئەمەوە نییە.

هاوڕێ کچەکەی هەمیشە کێری یۆشییای دەگرت و پێیدەگوت، کە هەرگیز هی وا زلی نەبینیوە. لە کاتی سەماکردندا ڕێگەی لێناگرێت؟ نەخێر، یۆشییا وەڵامی دەدایەوە، کە ڕێگەی لێناگرێ. ڕاستە، ئەوەی ئەم زۆر گەورە بوو. بە منداڵیش هەر گەورە بووە. ئەگەرچی بیریشی نایەت هەرگیز سوودێکی پێگەیاندبێت. لە ڕاستییدا، زۆر کچ ڕەتیانکردەوە سێکسی لەگەڵ بکەن، چونکە هینەکەی زۆر گەورە بوو. لە ڕووی ئیستاتیکییەوە، لە شتێکی خاو، ناشرین و گەمژە دەچوو. بۆیە بەردەوام هەوڵی دەدا بیشارێتەوە. دایکی بەردەوام زۆر بە دڵنیاییەوە دەیگوت: «شتە گەورەکەت ئاماژەیە، ئەوە نیشان دەدات، کە تۆ منداڵی خودایت.» ئەمیش بڕوای کرد. بەڵام ڕۆژێک شێتیەتی شتەکەی لێیدا. تەنیا شت، کە نزای بۆکردبێت، توانای گرتنەوە تۆپی بەیسبۆڵ بوو، بەڵام لە وەڵامی ئەو نزایەدا، خودا شەرەفی پێدانی ئەو شتە زلەی

پێبەخشی، کە لە هی هەر کەسێک زلتر بوو. لەم سەودا و مامەڵەیەوە، چ جیهانێکی گەمژانە بەدەستهات؟

یۆشییا چاویلکەکەی داکەند و کردیە ناو کیفەکەیەوە. سەما، هەم؟ بیرێکی خراپ نییە. هیچ خراپ نییە. چاوی داخست و لەسەر پێستی، هەستی بە ڕووناکیی سپی مانگ کرد، بە تەنیا دەستی کرد بە سەماکردن. هەناسەیەکی قووڵی پڕ بە سییەکانی هەڵمژی و بە قووڵیش هەناسەکەی دایەوە. نەیتوانی بیر لە هیچ گۆڕانییەک بکاتەوە لەگەڵ مەزاجیدا بگونجێت، لەگەڵ جوڵەی گیا و ڕۆیشتنی هەورەکاندا سەمای دەکرد. هەستی دەکرد کەسێک، لە شوێنێک تەماشای دەکات. هەموو جەستەی، پێستی، ئێسکەکانی، پێیان گوت، کە لە ناو جوگرافیای نیگاکانی کەسێکدایە. جا چییە؟ بیری کردەوە. لێیانگەڕێ چۆنیان پێخۆشە تەماشابکەن، هەرچ کەسێکن. هەموو منداڵانی خودا دەتوانن سەما بکەن.

بە ئارامیی بەسەر زەوییەکەدا هەنگاوی دەنا و باڵەکانی دەسووڕاندەوە، هەر جوڵەیەکی ئارام و جوان، بە ئەسپایی جوڵەی دواتری بەدوای خۆیدا بانگهێشت دەکرد، بێبچڕان، جەستەی بە جوڵەی پلان بۆ دانەنراو، شوێن نەخشەیەکی ئەندازەیی دەکەوت، لە ناوەڕاستی ڕیتمێکی نادیاردا بوو. لەگەڵ هەر جوڵەیەکی خراپ لە خاڵێکی سەماکەیدا، دەیتوانی لەگەڵ جوڵەکانی پێشتر و دواتردا بیانبەستێتەوە پێکەوە و تێکەڵیان بکات. ئاژەڵەکان لە ناو دارستانەکەدا خۆیان ماتدابوو، وەک ئەوەی لە وێنەیەکی کۆلاجکراودابن، هەندێکیان دڕندەی مەترسییداربوون، کە پێشتر نەیبینیبوون. دەبوو بە خێرایی بە لای دارستانەکەدا تێبپەڕێت، بەڵام هەستی بە هیچ ترسێک نەکرد. بێگومان دارستانەکە لە ناو ئەمدا بوو، دەیزانی، ئەوە کردبووی بەوەی، کە هەیە. دڕندەکان ئەوانە بوون، کە داگیریان کردبوو.

چەندە بە سەماکردن ڕۆیشت، نەیدەزانی. بەڵام هێندە زۆر بوو، کە بنباڵی ئارەق بکاتەوە. دواتر بیرکردنەوە لەوەی، کە لە قووڵاییەکی

ژێرزەوییدایـە، لـەو شـوێنە ئـەم بـە ئارامیـی قاچەکانـی دادەنێت، وەک برووسـکە لێیـدا: تاریکییـە قووڵـە قەترانییـە مەترسـییدارەکە، ڕووبـاری نهێنـی، کـە خولیاکانـی لـە نـاو خۆیـدا پەنهـان کـردووە، جوڵـەی بوونـەوەری بچـووک، لانـەی بومەلـەرزەی ئامـادە بـۆ گۆڕینـی شـارێکی تەواوەتیـی بـۆ خـۆڵ و خاشـاک. ئەمانیـش هاوکاربـوون لـە دروسـتبوونی ڕیتمـی زەویـدا. لـە سـەماکردن وەسـتا، ئینجـا هەناسـەکانی ڕاگـرت، لـە زەوییەکـەی ژێـر پێـی ڕامـا، وەک ئـەوەی سـەیری کونێکـی بێبـن بـکات.

بیری لە دایکی کردەوە لە ناو ئەو شارە وێرانبووەدا. بیریکردەوە چـی دەبـوو، ئەگـەر خـۆی وەک ئێسـتە بمابایـەوە، بـەڵام زەمەنـی بگەڕاندبایـەوە و چـاوی بـە دایکـی بکەوتبایـە ئـەو سـاتەی هێشـتا گەنـج بـوو و تاریکیـی بوونـی داگیرکردبـوو؟ گومانـی تێـدا نەبـوو، کـە هـەردوو وەک یـەک، خۆیـان لـە نـاو پیسـیەتی نائاگایانـدا نوقـم دەکرد و بە چەنـد شـتێکی شـێتانە ئازاری یەکتریان دەدا، دواتریش تووشـی سـەختترین سـزا دەبوونـەوە. جـا چییـە؟ «سـزا؟» مـن لـە مێـژە چاوەڕوانـی سـزام. شـارەکە دەبـوو ماوەیەکـی زۆر بـەر لـە ئێسـتە پارچەپارچـە و هەلاهـەلا بووبووایـە.

دوای تەواوکردنـی زانسـتگە، هـاوڕێ کچەکـەی داوای لێکـرد هاوسـەرگریی بکـەن. «دەمەوێت شـوو بـە تـۆ بکـەم بۆقـە گەورەکـە. دەمەوێـت لەگەڵـت بژیـم و منداڵـم لـە تـۆ ببێـت. کوڕێکـم لێـت ببێـت، هینەکـەی بەقـەد ئـەوەی تـۆ زل بێـت.»

یۆشـییا گوتـی، «ناتوانـم هاوسـەرگریت لەگـەڵ بکـەم، دەزانـم دەبـوو زووتـر ئەمـەم پـێ بگوتبـای، بـەڵام مـن منداڵـی خـودام. مـن ناتوانـم هاوسـەرگریی لەگـەڵ کـەس بکـەم.»

«بەڕاست؟»

«بەڵێ، بمبوورە.»

چووە سەر چۆک و پڕ مشتێک لمی لەسەر زەوییەکە هەڵگرت، لە نێوان پەنجەکانیدا ڕشتنییەوە بۆ سەر زەوی. چەند جارێکی دیکە هەمان شتی دووبارە کردەوە. دەستدان لە خۆڵە سارد و زبرەکە، دواهەمین ساتی بەیادهێنایەوە، کە بەڕێز تاباتای لە ئامێز گرت، دەستە لاواز و بێهێزەکەی تاباتا.

بەڕێز تاباتا بە دەنگێکی زبر و توندەوە گوتی، «یۆشییا، زۆرم نەماوە لە ژیاندا.» یۆشییا نارەزایی دەربڕی، بەڵام بەڕێز تاباتا بە جوڵەیەکی دەستە لاوازەکەی وەستاندی.

«گوێی مەدەرێ، ژیان هیچ نییە لە خەونێکی کورت و بە ئازار زیاتر. سپاس بۆ ڕێنیشاندەرییەکانی خودا، کە توانیم بگەمە ئێرە و ئێستا. بەر لەوەی بمرم، شتێک هەیە دەمەوێت پێت بڵێم. شەرم لە وتنی دەکەم، بەڵام هیچ چارەیەکی دیکەم نییە: چەندین جار بە شێوەی زۆر شەهوەتبازانە بیرم لە دایکت کردووەتەوە. وەک دەزانیت، من خێزانێکم هەیە، کە لە ناخی دڵمەوە خۆشم دەوێت، دایکیشت ژنێکی دڵپاکە، بەڵام هێشتا، هەر شێتانە و توندوتیژانە تامەزرۆی جەستەی بووم، تامەزرۆیی و ویستێک، کە هەرگیز نەمتوانی کپی بکەمەوە و خامۆشی بکەم. دەمەوێ لێت بپاڕێمەوە تا لێم خۆشببیت.»

پێویست ناکات داوای لێخۆشبوون لە کەس بکەیت بەڕێز تاباتا. تۆ تەنیا کەس نیت، کە بە شێوەیەکی شەهوانی بیرت لێکردبێتەوە. تەنانەت منیش، کوڕەکەی خۆی، هەندێک جار شوێن حەزە خراپەکانم کەوتووم ... یۆشییا ویستی بەم جۆرە ناخی بۆ هەڵبڕێژێ، بەڵام دەیزانی، کە ئەوە تەنیا دەبێتە هۆی زیاتر تووڕەکردنی بەڕێز تاباتا. دەستی بەڕێز تاباتای گرت و تا ماوەیەکی زۆر لە دەستی خۆیدا هێشتییەوە، بەو هیوایە بوو بیرکردنەوەکانی ناو سنگی، لە دەستییەوە قسە لەگەڵ دەستی بەڕێز تاباتا بکەن. دڵمان بەرد نییە. ڕەنگە بەرد بە تێپەڕبوونی کات لێی هەڵبوەرێت، بڕووشێت، شیببێتەوە و فۆرمەکەی لەدەست

بدات، بەڵام دڵ هەرگیز ناڕووشێت. لە دەرەوە هیچ شێوەیەکیان نییە، گەر میهرەبان بن یان شەڕانگێز، هەمیشە دەتوانین پێوەندیی بە یەکەوە بکەن. هەموو منداڵانی خودا دەتوانن سەما بکەن. ڕۆژی دواتر، بەڕێز تاباتا دوامین هەناسەی هەڵکێشا.

لەسەر شوێنی تۆپ هەڵدانەکە لەسەر ئەژنۆ بوو، بە تێپەڕینی کات خۆی هەستاندە سەر پێ. لە شوێنێکی دوورەوە، گوێی لە دەنگی فیکەی وریاکار بوو. ڕەشەبایەک هات و گیاکانی خستە سەما و ئاهەنگ گێڕان، ئینجا خامۆش بوو.

یۆشییا گوتی، «ئای خودایە،»

**پەراوێزەکان:**

Kansai –[1]

Asagaya –[2]

Chuo –[3]

Yotsuya –[4]

Marunouchi –[5]

Kasumigaseki –[6]

Hibiya –[7]

Kaniya–Cho –[8]

Oshima –[9]

Oppongi –[١٠]

١١- تیاکۆ: جانتا

١٢- Kobe

1٣- Chibs Prefecture

1٤- پارچە کانزایەکی شێوە مەیلەوسێگۆشەیە، لە یاری بەیسبۆڵدا یاریزانێک لەسەری دەوەستێت و بە دارێک لە تۆپەکە دەدات و بە سەر هێڵەکەدا ڕادەکات و دەبێت بێتەوە سەر هەمان خاڵ.

١٥- لە هەندێک گۆڕەپانی یاریکردندا، پەرژینێک بە شەبەکە دروست دەکرێت، تا تۆپەکە نەچێتە ناو ئامادەبووانەوە و بیانپارێزێت.

١٦- ئەو یاریزانەی، کە تۆپەکە هەڵدەدات، لە خاڵێکدا دەوەستێت، کەمێک زەوییەکەی لە تەواوی گۆڕەپانەکە بەرزترە.

١٧- ئەو شوێنەی، کە پارچە کانزاکەی لێیە (هۆم پلەیت) پێیدەوترێت ماڵ. دوای ئەوەی یاریزانەکە بە دارەکە لە تۆپەکە دەدات، دەبێت بە بەسەر هێڵەکەدا بە ڕاکردن بڕوات و بگاتەوە هەمان خاڵ.

**سەرچاوە:**

After the Quake, Haruki Murakami, Vintage Interna-
.tional, New York, Iris Weinstein2003